
# پەیکەرێک لە تۆزی تەباشیر



جەبار جەمال غەریب

من هەموو شتێک دەبینم و کەس من نابینێ. کەس گوێی لە قسەکانم نابێت و کەس وەڵامم ناداتەوە. ئەوەش ئەورۆ نییە، لەوەتەی هەم کەس حسابی بۆ نەکردووم. منیش، منی نەحلەتی وەک کەس ناچم، یەکەم ڕۆژ کە لە دایکبووم مامان و خزمان ترساو و نائومێد گوتیان"

- خودایە بمانپارێزە.

وەک منیان نەدیبێت یان چڵک و پیسیی بم لەگەڵ نایلۆن و پەڕۆکۆن فڕیاندامە پەنایەکەوە و بەدایکمیان گوت:

- خەم مەخۆ جارێ گەنجی.

بەهەندێ لەفافی کۆن ناو ڕانەکانیان پاککردەوەو پەڕۆو لەفافە خوێناوییەکانیان هەڵدایە سەر من، من لەو پەڕۆیانەوە بۆنی خۆشی دایکم بەسەردا هات، ئەو ژنەی دایکمی خاوێنکردەوە بە سەری پەنجەکانی پەڕۆکانی فڕێدایە سەر من و بە پەلە چووە ژوورەکەی ئەو دیو و ڕشایەوە.

دایکم چاکببوەوەو لەماڵەکەدا دەهاتوو دەچوو، ئەو ماوەیە هەرچەند کەس منی نەدەدی، بەڵام زۆر دڵخۆشبووم، لە هەموو شوێنێ دەنگی دایکم و بۆنی دەهات. پیاوێک کە دەشێ بابم بووبێ بە سەرێکی گەورەو سمێڵێکی قژەوە لە دەوری دایکم دەهاتوو دەچوو، زۆر جاریش بیانووی پێدەگرتو هاواری دەکرد، کەدەش خەوت لچکی لێفەکەی سەری تا بن میچەکە بەرز دەکردەوە. من لەژوور سەری دایکم چاوەڕێ دەبووم تادەهات کاتێک قژی بۆ پشت سەری شۆڕ دەبۆوە لەسەر مووە نەرمەکانی دەنووستم، بە یەک تاکە ئومێدەوە خەوم لێدەکەوت کە ڕۆژێک دایکم بمبینێ ولەباوەشمکات و ماچمکات وبملاوێنێتەوە، بۆچرکەیەک ئەوەم لەبیر نەدەچوو کە دەبێ چاوەڕێبم.

ئەو پیاوە سمێڵ سیغە زۆر جار دایکمی لە خەو هەڵدەستاند و دەستە قورسەکانی لە سمێڵی وەردەدا و بێئەوەی ئاگای لێبێت منی فرێدەدایە ئەو سەری ژوورەکە، تا ئەمرۆش بێزم نەهات جارێک گازێک لەو پەنجە پێست ئەستورانەی بگرم و تۆڵەی خۆمبکەمەوە.

* * *

دەچوومە کۆڵان و یاریم دەکرد، هەر بەتەنها هەڵدەبەزیمەوە، حەزم لەپەتپەتێن و خەتخەتێن بوو. حەزمدەکرد دەستی منداڵەکان بگرم و فیکلانکۆ بکەین. ئەوان هەموو دەستی یەکتریان دەگرت و بازنەی گەورەیان دروستدەکرد، کەس، هەر هیچ کەس دەستی منی نەدەگرت، هاواریان دەکرد "منداڵەکان چوون بۆ کوێ؟" من لەپێش هەموویانەوە دەمگوت "منداڵەکان چوون بۆ گەشت" چەند خۆش بوو دەنگم لە ناو دەنگی ئەوانی دیکەدا ون دەبوو، دەیانپرسی"بەچی چوون؟"لە پێش هەر هەموویان هاوارم دەکرد "بەعەرەبانەی ئاڵتوون" دیسانەوە دەیانپرسی"چەند تایەی هەبوو؟" لەگەڵ ئەوان دەمگوت"هەشت" زۆر حەزم لەپرسیاری کۆتایی بوو، دەیانپرسی"بووکەکەمان ناوی چییە؟" من لەپێش هەموویانەوە دەمگوت"ئەستێرە"، بەڵام ئەوان هەر هەموویان ناوێکی دیکەیان دەگوت.

ئیدی گوێم نەدەدایە ئەوەی بەدەهۆڵ دەیەن یان بە زوڕنا، لە پەنایەک دادەنیشتم و چاوەڕێی عەرەبانەی ئاڵتوونیم دەکرد، لەو تەنهاییەمدا گوێم لە دەنگێک دەبوو کە منداڵەکانی دیکە لەبەر هاوار هاواری خۆیان گوێیان لێنەدەبوو، ئەویش دەنگی هەر هەشت تایەکەی عەرەبانە ئاڵتونییەکە بوو، عەرەبانەکە دەهات و دەهات، چونکە کۆڵانەکەی ئێمە هەر خۆڵ بوو، لێواری تایە ئاڵتوونییەکانی لە تۆزدا غەرق دەبوو، چەند دەهاتە پێشێ تۆزو خۆڵ زیاتر عەرەبانەکەیان گەمارۆ دەدا، دوو ئەسپی قووندە لەوانەی نەئەسپن نەکەر، شێوەیان ئەسپەو هەیکەلیان کەر، بەڵام شیرین و خۆشەویست و جوان، تا نزیکتر دەبوونەوە تۆز زیاتر دەوری دەدان و عەرەبانە جوان و ئاڵتوونییەکەی دادەپۆشی، کە گەیشتە لام هەستمکرد لەو دیو تۆزەکەوە، ئەو کوڕەی وەک ئەسپەکان نەپیاو بوو نەکوڕ، سەنگینی پیاو و جوانیی کوڕی هەبوو، کراسێکی سپی لەبەر دابوو، هەستمکرد چاو بۆ من دەگێڕێ. کە منی بینی چاوەکانی کرابوونەوە و سەرسامبوو، سەیری منی دەکرد و دەیویست ناوم بێنێ، یان پێمبڵێ تۆش وەک ئەسپەکان نە کچی و نە ژن، جوانی کچ و هەیبەتی ژنت هەیە، من هەستامە پێ و ڕووبەڕووی وەستام و ئەویش بۆ منی دەڕوانی، نازانم بۆ ئاستی چاوەکانمی نەدەدۆزییەوە، دەیڕوانییە خاڵێکی ون لە دەموچاوم.

دەمزانی هەموو منداڵەکان چاوەڕێی ئەو عەرەبانەیە دەکەن، عەرەبانەیەکی ئاڵتوونی، ئەو جارە من هاوار هاواری ئەوانم نەبیست، ئەو جارە من گوێم نەدایە ڕاکە ڕاکەو سەماو خۆهێنانە پێشەکانیان، هەموو بۆ ئەو کوڕە دەموچاو سپییە ڕووناکە دەگەڕان لەناو عەرەبانەکە هەستا بووە پێ. تۆز بەڕادەیەک لە ژێرپێی منداڵە وروژاوەکان هەڵدەستا کە ئیدی بە ئاستەم بریسکانەوەی تایە زێڕەکانیم دەدیت، ئەو دەستەکانی کردەوە وەک ئەوەی باوەشم بۆ بگرێتەوە، فەقیانە درێژە

منداڵانەکانی بەناو تۆزدا دەفڕین، من بەهەموو هۆشمەوە خۆمهەڵدا بۆ ناو دەستە کراوەکانی. گوتم بێگومان بەگوێی دنیادا گوتم"چەند خۆشە ڕاکشانی ناو ئەو فەقیانە سپییانە " نازانم چەندی پێچوو چاوەکانم کردەوە، لەکاتی خۆ هەڵدانمدا چاوەکانم نوقاندبوون، دیتم لە لێواری ڕێگەیەکە لەناو خۆڵ و تۆزی ورد وردا کەوتووم، زۆر دوور لە زەوییەوەو نزیک لەمن عەرەبانە ئاڵتوونییەکەم دیت بەهەمان فەقیانەی درێژو سپییەوە، نزیک لە خۆرەوە وەک ئەوەی کوڕی هێلیۆس بێت و بیەوێ لێخوڕینی خۆر تاقیکاتەوە، بەرەو ئاوابوون لێی دەخوڕی.

من لە قوتابخانەش لە ڕیزی هەرە پێشەوە دادەنیشتم، دەفتەر و قەڵەمم لەبەر دەمم دادەنا و دەستەکانم دەخستنە بن باڵم و گوێمدەگرت، مامۆستا پرسیاریدەکرد من لە شوێنی خۆم پەنجەم درێژ دەکردو بزەیەکی بچووک بچووکم بۆ مامۆستاکەم دەکرد، ئەو سەیری دەکرد و کوڵمەکانم وەک سێویان لێدەهات، بەڵام ئەو کچەکەی تەنیشتمی هەڵدەستاند، ئەوەی بەرانبەرم و ئەوەی دوواوەم، ئەوەی لای دیوارەکە و ئەوەی سەرپەڕ، من تۆزە تۆزە ئاگرم دەگرت، دەستم درێژ دەکردو بانگی مامۆستام دەکرد، هەڵدەستامە سەر پێیو هاوارمدەکرد. ئەویش زۆر بە هێمنی سەیری دەفتەرەکانی قوتابیەکانی دەکرد، دەیڕوانییە نووسین و دەستخەتیان، منیش دەفتەرەکانی خۆم دەردەهێنان، ئەو دەفتەرە جوان و ڕێکوپێک و خاوێنانەم، پڕ ڕەنگ و وێنانە، بەڵام جارێک تەنها جارێک مامۆستایەک قەڵەمەکەی خەسار نەکرد و ئیمزایەکی لەسەر نەکردن.

کۆتایی ساڵ بەڕێوەبەرە باڵا بەرزو چاکەت کۆنەکە، مێزێکی تەختەی لەدەرەوە داناو ناوی یەکە یەکەی قوتابییەکانی دەخوێندەوە، کە ناوی من دەهات سەد جار هاوارم دەکرد "بەڵێ، بەڵێ" نەکەس ئاوڕی لێدەدامەوەو نەکەس دەنگی دەبیست‌م، دوا کەس وەک مشکێکی ترساو بە ناو دەنگە دەنگ و قەڵەباڵغی قوتابییەکاندا دەچوومە لای مێزەکە و دەمدی کارتی نمرەکانی من وەک پەڕی مراوییەکی لە ڕاو بەجێماو با دەیلەراندەوە، کارتەکەم هەڵدەگرت و بەغاردان بەرەو ماڵ دەبوومەوە، لەو ڕێگە قەڵەباڵغە کەسێک نەیدەگوت"کوا کچم با تەماشایەکی نمرەکانت بکەم" هەر لەبەر دەرگاوە هەر دوو دەستم هەڵدەبڕی و هاوارم دەکرد" دەرچووم، لەهەموو وانەکاندا دەم هێناوە"

* * *

دوای من دوو برای دیکەم لەدایکبوون، سەردار، کە باوکم پێیدەگوت سەردارخان و لاسی چرچ و لاواز کە دایکم پێیدەگوت لاسە شۆڕ، ئەو دوو برایەم خۆشیو ڕووناکییەکیان بۆ ماڵەکەمان گەڕاندەوە کە لەکاتی لەدایکبوونە شوومەکەی منەوە نەمابوو، گریان و گروگاڵ ژوورەکانی پڕکردو دایکم ئەو خەفەت و مۆنییەی لەگەڵ لەدایکبوونی من چووبووە ناو پێستیەوە، بەریداو بۆ یەکەمجار دوای ئەو ماوە دوور ودرێژە زەردەی هاتێ و گەشایەوە، بەڵام خەفەتێک لەو دەردوو ئازارەی ئەو ساڵانە پەڕیبووە سەر تەوێڵی و هەرگیز لێینەبۆوە، تاکە نیشانەیەک بۆ بوونی من ئەو لەکە ڕەشە بوو، من تەمەنم دەساڵی ڕێکبوو کە برا گەورەکەم لەدایکبوو، لە دوای کەمتر لەدوو ساڵیش لاسە شۆڕ هێواش هێواش هاتە دنیاوە، کەیفم بەو هەموو یاری و گەمە ڕەنگاو ڕەنگانە دەهات کە بۆیان دەکڕین و ئەوانیش دەیانشکاندن و فڕیاندەدان، من لەپەناوە هەڵم دەگرتنەوە و چاکم دەکردنەوە و یاریم پێدەکردن، ئاخر من ئەوە یەکەم جار بوو یاری لەو ماڵەدا ببینم، ئومێدیکم هەبوو برایەکانم گەورەبن من ببینن و دەستمبگرن و بم هنە لای دایکو باوکمو شوێنی ئەو برینە قووڵانەی جەستەمیان پیشاندەن وبڵێن"بۆ تا ئێستا نەتاندیوە" زوو زانیم ئەوان هەرگیز من نابینن، ئەوان زۆر بەئاستەم یەکتریشیان دەدیت، چەند گەورە دەبوون ئەوەندە ماڵەکەیان پڕ دەکرد لەبۆنی قورس و هاتو هاوارو شەڕ، ئەوان بۆشەڕ خەڵق ببوون، سنگی یەکتریان دەگرت وەک دوژمن دەکەوتنە گیانی یەکتری،

یەکتریان ڕادەوەشاند و بەسەر یەکتردا هاواریان دەکرد، بەڕاستی دوژمنە ڕاستەقینەکان براکانی یەکترن، پەرداغ وقاپی شۆڕاوی سەر مەغسەلەیان لەیەکتر دەگرت، هەمیشە ئەو پەرداغ و قاپانەش بەر ئەو بەلەم و فنجانە قەدیمانە دەکەوتن کە دایکم بۆ جوانی و یادکردنەوەی ئازیزانی لەسەر کەوەنتەر وناو جامخانە دایدەنان، من لە دەنگی شکانی ئەو هەموو بەلەم و شووشانە زراوم دەچوو، لەجێگەی خۆم هەڵدەپەڕیم هاوارم دەکرد، دەگریام و پرچی خۆم دەڕنییەوە، دایکم دەبوورایەوە و ژنە باریکە بۆن ناخۆشەکەی جیرانمان دەهات وئاوی بە دەمو چاویدا دەکرد وئەویش لە بۆنی قورسی بۆنی ژنەکە بەئاگادەهاتەوە و تێرتێر دەگریا، وێنەی سەر بەلەم و کوپە قەدیم و ڕەنگاو ڕەنگەکانی دایکم کە بەدیاری نەنکی و پورەکانی و ئامۆژنە جلڕەشەکانی بۆیان هێنابوو تفکردن بوو لەشکۆی خێزانەکەی، قووڵترین زامی من لەو ڕۆژەدا ورد بوونی یان کوژرانی ئەو پیاوە چینییە پیرە بوو کە لەسەر قاپێکی نیوە قووڵی گەورە کێشرابوو، ئەو پیاوە بە جل و بەرگە سپیە درێژ و پڕ شکۆیەکەیەوە بەو ڕیشە سپی نەرم و سێ گۆشەیەوە چەمابۆوە تاگوڵێکی سوور لەقژی کچێکی بچووک بدات، من تەنها لەو کاتانەدا دەمویست کەس نەمبینێ و کەس نەبینم، ئەو گریانە بەکوڵانەی دایکم ناخی دڵیان داغدەکردم، بێئاگا خۆم دەخستە باوەشی دایکم و فرمێسکەکانیم بۆ دەسڕیەوەو گەردنی و ڕوومەتیم ماچدەکرد.

نامەوێ ناوی خۆم، ناوی باب و دایکم بە کەس بڵێم، کەچی ناوە شیرینەکەی دایکم ئەڵماسی عەلی سیلانی گوڵچن، ئەو پەیمانەی پێشکاندم. دمویست ئەوان ڕۆژێک بانگمکەن و لەزەتی ناوی خۆم لەسەر زمانیان هەستپێبکەم، دەمویست بۆ تەنها جارێک دایکم ناوەکەم بلاوێنێتەوە و پێمبڵێ " ئەستێرەکەم" پێمبڵێ "ڕووناکی ماڵم" پێمبڵێ"بریسکایی شەوی تارم". کە برای یەکەمم لە دایکبوو جا زانیم دایکم چەند منداڵی خۆی خۆشدەوێت، کە بانگمدەکرد "سەرداراغا میری ماڵەکەم"، من پێشتر هەرگیز نەمدەزانی ئەو ژنە لە خەمی جگەر گۆشەی خۆیەتی، ئەو برا وێرانکەر و خەپۆکەمی توند بە سنگەوە دەنووساند، ئەوەندە هەڵیدەمژی کە دەمگوت تازە هەناسەی نایەتەوە بەر، تازە لەو ماڵەدا کەس ناوی منی بەدەمدا نایە، بۆیە من ڕۆژی هەزار جار ناوی دایکم دێنم و بە کۆڵان و ماڵ و ناو ژوورەکاندا هاوار دەکەم "ئەڵماسی عەلی سیلانی گوڵچن" ئەو ناوە وا لەمێشکم چەسپاوە هەر کاتێک گوێم لێبێت ئاوڕدەدەمەوە ، وادەزانم بانگی من دەکەن.

* * *

ئەو ڕۆژەی شەڕە گەورەکەی براکانم بەرپابوو، شووشەکان شکان و وێنەی دەیان فریشتەی فڕیوو پادشای بەهەیبەت و کۆشکی ڕازاوەو دەریای بەستوو هەتا حەوشە و بەردەرگاشی داپۆشیبوو، باوکم نیوەڕۆ هاتەوە، بۆنی ساردی ماڵ و بۆنی هاوار هاوار و دەنگە دەنگ بەپیریەوە چوون، بێئەوەی کەس شتێکی بۆ بگێڕێتەوە هەموو شتێکی زانی و خەریکبوو دایکم بخنکێنێ و ماڵەکە بسووتێنێ، دووبراکەم بەپەلە هەڵاتن، من و دایکیشم چووینە ماڵی جیرانێکمان، وابزانم ئێمە یەکەم میوان بووین ڕوو لە ماڵەکەیان بکەین، بۆنی تەونی جاڵجاڵۆکە و گومشکی لێدەهات، ئەوماڵە تورکمانە بێ دەنگ و بێ سیما و بێ سێبەرە، نەک دەست موویەکیان لە ئاو نەدەکرد، لەوێ دایکم ڕشایەوەو بووکەکەیان لەبەر خۆیەوە گوتی"چاکت کرد ئەو ماڵە هەر بۆ ئەوە باشە تێیدا برشێیەوە" دایکە پیرەکەیان کە تەنها ددانەکانی ڕەشبوون، دەنا ڕووخسارو چاو وسەری وەکو یەک سپی بوون، بەس بەلووتی قسەی لەگەڵ بووکەکەی دەکرد، ئەویش دەیگوت "تێدەگەم هاوار مەکە" کوڕەکانی هاتنەوەو چەندمکرد لە ڕوویاندا نیگەرانی یان خۆشی ببینم نەمتوانی، دوا جار هەرە بچووک و نازدارەکەیان کە تەمەنی تەنها سی و یەک ساڵ و شەش مانگ و چەند ڕۆژێک بوو قسەیەکی کرد، گوتی"جارێکی دیکە لە قاپی خۆمدا نانم بۆ تێنەکەن

دەیشکێنم" بووکەکە لای منەوە دانیشتبوو گوتی" نێرەمووکی زیقن" مێردەکەی کە تازە سمێڵی وەک جیقنەی ئەو کەنارییانەی نەخۆش دەکەوتن سپی تێدەکەوت مۆرەیەکی توندو ئاگرینی لێکرد، بەڵام کەس هەستیپێنەکرد، چونکە لووتە زلەکەی تەواوی دەموو چاوی داپۆشیبوو، لەو دیو دەرگاکەوە کوڕە نێرەمووکەکە لە دایکی پرسی"ئەوانە بۆهاتوونە ئێرە؟" دایکی بەدەنگە گنەکەی وەڵامێکی نەجیبانەی دایەوە"خۆ من نەمهێناون" کوڕە ناونجیەکەیان کە زۆر بەئەدەب و ئاغر بوو گوتی"دەزانم کاری ئەو قەحبەیەیە" دایکم بێ ئەوەی سوپاسیان کات هەستاو هاتەوە ماڵێ، بابم هێلکەو ڕۆنی بۆخۆی کردبوو دیار بوو سووتاندبووی، هەموو ماڵەکە بۆن هێلکەی سووتاوی لێدەهات.

* * *

چەند پۆلەکانم دەبڕی زیاتر گەورە دەبوم، نیوەڕۆیەک کە زیندەوەرزانیمان دەخویند شلەیەکی گەرم بەر ڕانم کەوت و زراوم چوو، لەپشوودا زانیم جلەکانی ژێرەوەم بەخوێن بوون. گێژ گێژ گێژبووم، ئەو نهێنییە بەکێ بڵێم"کێ من دەبینێ بالافاوی خوێنم بەسەردا بێت؟"

خواخوام بوو کەسێکم خۆشبوێت، ڕۆژێک مامۆستایەکی ئینگلیزیمان بۆهات هەر ئەوەندە یەکێک لە مامۆستا کچەکان گوتی"کوڕێکی گەنجە" نازانم چ سیحرێک لەو گوتنەدا بوو، ئاشقی بووم. ئەی خودایە چەند ئاشقی بووم، هەتا ئێستا ئاشقی وام لە هیچ کتێبێکدا نەخوێندۆتەوە، هەتا ئێستا بەو گەرمی و قووڵییە عەشقی کەس نەبووم، هەتا هی کوڕە ئاڵتونییەکەی ناو عەرەبانەکەی منداڵییش، ئەو ڕۆژە هەستم کرد قوتابخانەکەمان بەگەسکێک لە تیشک و عەنبەر و یاقووت شۆراوە، دیوار و دەرگاو مەمەڕەکان بریقەیان دەهات، هەر هەموو هاوڕێیانی پۆلەکەم کوڵمیان سوور هەڵگەڕا بوو، جوان جوان ببوون، کە دەتریقانەوە دەتگوت گوڵاڵە سوورەن، ڕۆژی یەکەم ئەو کوڕە گەنجە نەهاتە سەرمان و هەر هەموو پۆلەکە تا دەرسی شەشەم چاوەڕێمان کرد، ئەو ڕۆژە وەک ترۆزی بەر با وشک و سیس بووینەوە. ڕۆژی دووەم دیسانەوە نەماندی، ڕۆژی سێیەم بێئەوەی ئێمە زۆر ئومێدەوار بین بەخۆی و قاتێکی نیلییەوە هاتە ژوورەوە، چەندی هەوڵدا نەیتوانی پێنەکەنێ، دوای ئەوەی سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد یەکراست سەیری منیکرد، من هەرگیز چاوەڕێی سەرکەوتنێکی وا خێرا نەبووم، قەڵەم جافێکی سوورم لەدەمم نابوو بێئاگا گازم لێدەگرت هەموو ناو دەممی سوور کردبوو، هەروا سرک و ئازا سێ جار تەختەڕەشەکەی سڕیەوە، ئێمە نەهیچمان نووسی و نەتاقە وشەیەکیش تێگەیشتین، چاودێرەکەمان کە کچێکی قەڵەوو سووروسپی و حەکەدار بوو گوتی"ئەی خوایە دەرسی خۆشە" سروەی کچی وەستا شەریفی بەزاز کە جیرانی ئێمە بوون پرسی " ئەرێ توخوا کچینە هیچ تێگەیشتن" هەموو بەیەک دەنگ گوتیان "بۆنی خۆش بوو بۆن" بەنازی کچی دادە بەدیعە گوتی" حەیف سەری رووتاوەتەوە" چاودێرە حەکەدارەکەمان گوتی" دە وس بە وس" نەتوانیم قسەیەک بکەم و نە چاوبتروکێنم، نەگازیش لەقەڵەمە سوورەکە نەگرم.

* * *

لەو ڕۆژەوە خۆشی و لەزەتێک هاتە ناو لەشم و بن نینۆکەکانم و پەڕەی گوێم و چاومی داگیرکرد. کتێبەکانم کۆکردنەوە، بێئەوەی چاوەڕێی کەس بکەم، بە هەنگاوی سووک سووک لە پۆلەکە چوومە دەرێ، بەر هەیوان و ژووری بەڕێوەبەر بۆن و ڕەنگی زیندانی بەردابوو، رووناک و شیرین، سەر شەقامەکان، شۆستەو عەموودی کارەباکان، تەکسی و پاسەکان، درەخت و چیمەنی ئەولاو لا هەر هەمووی بە ڕەنگێکی سووری کریستاڵی، نا پرتەقاڵییەکی کاڵ ڕازابوونەوە، بایەک هەروا بە کەیف و هەوەس قژە زەردە کاڵەکەمی دەبرد و منیش بە زەردەخەنەیەکی شیرین شیرین و لێوجولانێکەوە لە دەستیم وەردەگرتەوە و ئاوڕێکی بێباکیشم بۆ دوواوە دەدایەوە، هەورەکان بە ڕەنگی تێکەڵ دەیاننووسی" ئای خودایە چ خۆشییەکە

خۆشەویستی، چ سەر بەرزی و بێباکییەکە، چ خۆشنودیی و نەمرییەکە ئەوین" بارانێکی هێواش و نەرم سڵاوی کردو چەند دڵۆپێک لەوانەی بەدانستە بۆ ئاشقان دروستدەکرێن و ناویان پڕ لە ڕووناکی و بۆنە، کەوتنە سەر دەستم و بەقژمدا هەڵواسران، خۆزگە کەسێک هەر کەسێک ڕووخساری دیبام دەیزانی ئەوە لەو خۆشنوودیانەیە خودا بە دەستی خۆی دەیانکێشێ، ئیدی من پێویستم بەهیچ کەسێک نییە، خۆشەویستییەکم هەیە ئەوەندەی دنیا گەورە، بەڵام یەک تۆز قاڵی لێی کەمبێتەوە ناتەواوە.

قوتابخانەکەمان بە جارێک گۆڕا، ڕەنگی جلەکانمان بووە پرتەقاڵی و سپی، مامۆستاکانمان چالاک و دڵکراوەبوون، نیوەی ئەو شارە کە لەوەتەی هەیە یەک تاقە چیرۆکی خۆشەویستی نییە بینووسێتەوە ئاشق ببوون، بەر قوتابخانەکەمان بووە جێگەی سەدان لاو و کوڕی ئاشق و ناسک و لێو بەخەندە، ڕیزی نۆکاو فرۆش و پاقلە فرۆش و محەلەبی فرۆش تا ئەو سەری دیواری مەکتەب درێژ دەبۆوە، ماڵەکانی نزیکمان بوونە تەکیە وشێخ و جادووبازەکان، ئاشقەکانیان ئارامدەکردەوەو فاڵی چارەی عەشقە قووڵەکانیان بۆ لێکدەدانەوە، ڕێگە قوتابخانەکەمان پڕ بوو لە جگی ڕەنگکراوو مۆری نووسراو و نوشتەی سێگۆشە. دەیان و سەدان نامە دەگۆڕانەوە، ئەو قوتابیانەی کە پەخشاننووسی چاکبوون بەرنەدەکەوتنوو ئیدی نامەیان بە سوپاس نەدەنووسی، فرۆشی دیوانە دڵدارییەکان چەند قات بەرز بۆوەو ڕۆمانە دڵدارییەکان بەر نەدەکەوتن. لەو ڕۆژەوە بۆ یەکەمجار تەباشیری ڕەنگاو ڕەنگ دابەشکراو، دادە بەدیعە کە پێشتر دوژمنی گەورەی ڕەنگی سوور و پرتەقاڵی و مۆر بوو، ئێستا بۆ خۆی بە دەستە پیاوانەکانی تەباشیری ڕەنگاو ڕەنگ دابەشدەکات و دەیگوت"قوتابی بەو ڕەنگانە ئاسوودەتر و زیرەکتر دەبێت"

یەکەم ڕۆژ کە دادە بەدیعە سندوقی ڕەنگەکانی هێنا ئێمە ئاگامان لێنەبوو، چونکە مامۆستای ئینگلیزی تازە هاتبووە پۆلەکەمان و یەکەم ڕستەی نووسیبوو، چ ڕستەیەک! ڕستەکە یەک تاکە وشەی تێگەیشتین ئەویش وشەی خۆشەویستی بوو، هیچمان نەماندەزانی ئەوە چ خۆشەویستییەکە لە ناو ڕستەکەدایە، کەچی شیرین و گەش و جوان بوو، پێکەوە هەموومان کە ئاوڕمان بۆ لای دەرگادایەوە، دادە بەدیعە وەک گوڵێک تازە ئاودرابێ و چەند دڵۆپێکیش بەر ڕوومەتی کەوتبن با ئەو دڵۆپانەش وەکو گۆشتی زیادە کەوتبنە ئەو لاو لای ڕوومەتی، زەردەخەنەیەکی نەرم و میهرەبانانەی بۆ مامۆستا گەنجەکەمان کرد و بۆیەکەمجار لەژیانیدا سەیرێکی ئێمەی کرد، وەک فریشتەیەکی تازە نازڵ بوو گوتی" کچینە ئێوە چۆنن" قاڵبە تەباشیرێکی پەمەیی دایە دەست مامۆستا و گوتی" تۆ بەو ڕەنگە بنووسە با ئەو گوڵە جوانانە لە دەرسەکە باش تێبگەن" مامۆستا بە دەستە نەرم و پەنجە باریکەکانی تەباشیرەکەی لێوەرگرت و سوورسوور بۆوە و بێئەوەی بتوانێ سەیری ئێمەبکات، ڕوانییە پەنجەرەکەو کوکوختییەک لەسەر شیشەی پەنجەرە هەڵفڕی و بەسەر دار پرتەقاڵەکانی ناو باخچەکەدا خێرا سوڕایەوە، بایەک لق و چڵەکانی بەیەکدادا و ئەویش ناچار و غەمبار گەڕایەوە سەر لێواری پەنجەرەکە، وەک لەبیری چووبێتەوە گەڕایەوە سەر تەختەڕەشەکە و جارێکی دیکە سڕیەوە بێ ئەوەی ئەو ڕستەیەمان تێبگەیەنێ کە نوسیبووی. تۆزی تەباشیر وەک نمە دەنیشێتە سەر یەخەی کۆتە ڕەشە خوریەکەی، دەمویست بەهێواشی، بە نەرمی یەخەکەی بۆ بتەکێنم. هەمیشە لەدوای خۆیەوە تۆزی تەباشیر و کۆمەڵێک حەسرەتی جێدەهێشت کە هەر هەموومان عەوداڵی بووین. حەزمان دەکرد چەندی دەکرێ دەسخەتی ئەو لەسەر تەختەکە بمێنێتەوە، هەموو پیتەکانی ئینگلیزیمان وەک ئەو دەنووسی، هەمیشە دەیگوت ببورن دەسخەتم ناخۆشە، بەڵام وانەبوو دەسخەتی باریک و ورد بوو، نەرموشل هێڵەکانی درێژ دەبوونەوە، چەند مانگ دەرسی پێئەوتین و هەر خوێندن و وانەو هەر نووسی و ڕەشی کردەوە، شتێکی دڵی پێنەگوتین، ئێمە دەمانویست شتێک بڵێ،

ئەو شتەی وەک هێلانەیەک دڵمان چەند مانگ بوو بەئاسمانەوە بوو لەسەری بنیشێتەوە.

ڕۆژێک عەیارترین کچی پۆلەکەمان کە دایکی چوار مێردی حازری کردبوو، تاکە ژن بوو بڵێ پیاو نەبوون بۆیە تەڵاقم دان، کچێکی قەلەوو پان بوو، بەڵام جوان و شیرین، گوتی" مامۆستا قسەیەک بکەم" ئەو کچە ناوی شەهلا بوو لە مێردی دووەمی دایکی وەستا سابیری بزنمژ بوو، لەگەڵ ئەو قسەیە خەریک بوو وەک دۆندرمە بتوێتەوە، مامۆستا بێئەوەی ڕوو لەتەختەکە وەرگێڕێ گوتی" بڵێ بزانم" ئەو هەستایە سەرپێ و چاوەڕێمان دەکرد مامۆستا ئاوڕبداتەوە، کچەکە زۆر زۆر سادە و ساکار وەک ئەوەی لەگەڵ پوری بدوێ گوتی" مامۆستا ئەو شەو خەوم بەتۆوە دیت" کچەکان هەموو دەنگێکی سەیریان لێوە هات "ئەیەڕۆ" "وەیش" هەموو دەستیان بە دەمیانەوە گرت و سەریان نەویکرد. دەنگێکی وەک "ئاها" لە دەمیانەوە تابنمیچەکە مۆڵ بوو، مامۆستای گەنج عەینەکە لێوار زیوینەکەی بە دەستی چەپی لابردوو، دیسانەوە ڕوانییە کوکوختییە تەنهاو غەمبارەکەی ئەو دیو پەنجەرەکە، هێواشتر لەوەی چاوەڕێ بووین سەری بۆ لای کچەکە سوڕاند. من هەستمکرد هیچمان نابینێ، وەک ئەوەی سەری مەنجەڵی پڵاوی سەر ئاگری هەڵدابێتەوە و هەڵم مینای چاویلکەکەی داپۆشیبێ، بێئەوەی سەیری کچەکە بکات گوتی" برۆ، برۆ دەرێ، برۆ بەلوعەکە بکەوەو خەونەکەت بۆ ئاو بگێڕەوە بابیبات" ئەو بەپەلە گوتی "نا مامۆستا نا با ئاو نەیبات، خەونەکەم زۆر خۆشبوو".

ئەو کچانەی سەرپۆشدارو خۆپاریز بوون زوو ناوی خوایان دەهێناو ئایەتە کورت و قورس و پڕ حیکمەتەکانیان دەخوێند و فوویان لەبن کراس و سەر و چاوی برادەرەکانیان دەکرد، کەس نەیدی من نەبێت، هێرشێکی مێرووله ئاسا لەملی مامۆستاوە بەبن پێست و شادەمارییەوە بەرەو سەر دەکشاو ڕەنگە زەرد بوو بێ ڕۆحەکەی بۆ سورێکی پڕ خوێن دەگۆڕی، تەباشیرە پەمەییەکەی لەناو دەستەکانی ورد کردبوو، دەستەکانی تەکاند و چنگە تۆزێکی ئاڵ و توند بڵاوبۆوە، پێش ئەوەی تۆزەکە بنیشێ و پێش ئەوەی هێرشی دەمارەکانی ملی بگاتە ڕووخساری چووە دەرێ، کچەکان وەک پوورە هەنگ ڕژانە سەر شەهلای وەستا سابیری بزنمژ، ئەو چاوەکانی زەقببوونەوە، گوتی "مەڕۆ خەوی خێر بوو" من لە هەموویان زیاتر مافی ئەوەم هەبوو پرچە هۆنراوەکەی بگرم و وەک سەگ بەدوای خۆمدا ڕایکێشم کەچی خۆشنوودییەکی گەورە و نەبڕاوە کە خەریک بوو سەر قەپاغی دڵم بکاتەوە، ڕێگەی پێنەدام و کتێبەکانم هەڵگرتوو یەکەم کەس بەدوای مامۆستادا چوومە دەرێ.

خۆشەویستییەک وەک ئەو تەمومژەی دەڕژێتە نێو گەڵاو لق و قەدی داربەڕوو و مازوو هەنجیرە کێوییە گەڵا ئەستوورەکان، ڕژابووە سەر پێستم و هەموو لەشمی ختووکە دەدا، من ئێستا لە حیکمەت و گەورەیی خودا تێدەگەم، ئێستا تێدەگەم کە بۆچی کەس، هەر هیچ کەس من نابینێ، دەنا ئەو خۆشەویستییەی ڕووم هی ئەوە نەبوو بشاردرێتەوە، بە ڕاڕەوی قوتابخانەکەماندا دەڕۆیشتم و دوا زەردەی ئێوارەیەکی دڕەنگی دوای دەرسی شەشەم بۆ یەکجاری تەسلیمی تاریکی دەبوو و دەتوایەوە، بۆنی تەباشیرێکی پەمەیی ڕێگەکەی نیشاندەدام، من دەڕۆیشتم و ژیان بەو هەموو ملهوڕیو بێباکییەو سەرسەختییەی خۆیەوە وەک تۆپێک دەکەوتە سەر پێیەکانم، چەند شەقێکی بەهێزم تێهەڵدەدا زووتر لە ئومێد دەگەڕایەوە سەر پێیەکانم.

بۆ بەیانی شەهلای وەستا سابیری بزنمژ، لەگەڵ دایکە مێردکەرەکەیدا چوونە ژووری بەڕێوەبەر و کەس نەیزانی باسی چیانکرد، شەهلا کە هاتە دەرێ پەڕۆیەکی سووری باریکی وەک نەخش و نیگار لە ناوچاوانی بەستبوو، دەموچاوی ئەوەندەیدیکە سوور ببۆوە و چاوە ڕەساسییە شووشەییەکانی تەڕ تەڕ وەک دڵی من تەڕ ببوون، هەرچەند مافی ئەوەم هەبوو دوو تف لە چاوی بکەم، تیتکە خاوە حیزەکانی لە بنڕا دەربێنم، کەچی بە پێچەوانەوە

سۆزم بۆی جولا و خەریکبوو بەرگەی دڵە شکاوە کچانەکەی نەگرم، بۆیە گوتم " شەهلا تۆش ڕوو ڕەشی ئەو دڵە نەگریسەتی"

دواتر زۆر دواتر، ڕۆژێک شەهلا خەونەکەی بۆ گێڕاینەوە بەشی زۆری کچەکان ئەوەندە پێکەنین خەریکبوو ببورێنەوە، شەهلا دەیگوت" لە خەونمدا لەناو چیمەنی ئەو دیو پەنجەرەکە وانەمان دەخوێند، تەختەڕەشێک کەس نەیدەزانی بە کوێی هەوادا هەڵواسراوە، مامۆستای ئینگلیزی بێئەوەی ئاوڕبداتەوە ڕستەی دوورو درێژی لەسەر تەختەکە دەنووسی، پێشئەوەی ڕستەکە تەواوبکات ڕەشدەبۆوە، ئێمە هەموو هەوڵمان دەدا شتێک ببینین تا بینووسینەوە، کۆترێکی ڕەش هات و لەسەر سەرە ڕووتەکەی مامۆستا پێشئەوەی بنیشێ جیقنەیەکی کرد، قوتابیەکان هەموومان پەنجەمان درێژکردبوو جیقنەکەی بۆ بسڕینەوە، ئەویش هاواریدەکرد کوێر بووم کوێر" دایکە مێردکەرەکەی شەهلا بە زمانی تیمساح گوتبووی" یارەبی هەرچی ئەو سیحربازە سەر ڕووتە لەو دڵە خاوەی ئێوەی نووسیوە ئاوا ڕەشبێتەوە" شەهلا وەک ژنە بە ئەزموونەکانی مەلهاکانی بەغدا گوتبووی " خۆ ئەو بەستەزمانە جگە لە تەباشیر هیچیدیکەی نییە پێی لەسەر ئێمە بنووسێ، خۆ بە تەباشیر لەسەر دڵ نانووسرێ" نازانم دایکی باوەڕیکرد بوو یان نا، بەڵام ئێمە هەموو دەمانزانی هەرچی بە تەباشیر لەسەر دڵ بنووسرێ هەرگیز ڕەش نابێتەوە، کچە ڕەشتاڵە هەموو ڕۆژ بەرۆژووەکەی پەنا پەنجەرەکە، بۆ یەکەمجار دەمی کردەوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بابەتە شتێک بڵێت و گوتی" ئەو کۆترە ڕەشە ست ئەلینای لاق ڕووتی مامۆستای وەرزشە" چەند قوتابییەک گوتیان" مامۆستا ئەلینای سوورو سپی و جل سەوزو سوور، چۆن بووە بەو کۆترە ڕەشە" دیسانەوە ئەو کچە ڕەشتاڵە گوتی" ئەو مامۆستا ڕووتە دڵی ڕەشە دڵ، دڵ دەچێتە ناو خەونەکانەوە نەک جل و بەرگ"

هەر ئەو شەوە لە دەفتەری ڕاهێنانەکانی ئینگلیزی نامەیەکم بۆ مامۆستای کۆتر لەسەر نیشتوو نووسی، باسی هەموو خەونەکەم بۆ گێڕایەوە و قسەی کچە بەرۆژووەکەشم بۆ نووسی، دوا ڕستەم زۆر دڵشکاوانە و بەقەڵەمێکی جیاواز نووسی" دڵی من هەمیشە لەشێوەی کۆترێکدا بە دەورتدا دەسوڕێتەوە، کۆترێکی کوێرو زامدار بەڵام ڕووناک وەک نوور" من نەمدەزانی کە هەموو کچەکان نامەی ئاوایان بۆ مامۆستا نووسیوە، دەفتەرەکەشم ئەو لاپەڕەی لێکرابۆوە، تا ڕۆژێک شەهلای بزنمژ گوتی" مامۆستا لە دەفتەری ڕاهێنانەکەمدا پەخشانێکم بۆ وانەی کوردی نووسیبوو کەچی لاپەڕەکەی پێوە نەماوە" مامۆستا بە پەنجەیەک سەرە ڕووتەکەی خوراند کە هەموومان تێبینی ئەوەمان کرد ئەڵقەو ئەنگوستیلەی لەدەستدانییە، ڕووی لەهەموومانکردو گوتی" کەس پەخشانە شیعر لە دەفتەری ئینگلیزیدا نەنووسێ، لە دەفتەری کوردیدا ئەوەندەی دەتوانن شیعر بنووسن"

ئەو ڕۆژەی ئەلینای مامۆستای وەرزشمان هاتە بەردەم پۆلەکەمان و چەند قسەیەکی بە نیوە سرکە بە مامۆستا سەر ڕووتاوەکەمان گوت، هەموو دیتمان وێنەی کۆترێکی ڕەشی بەدەست چنراو لەسەر کراسە سپییەکەی ست ئەلینایە. چەند دەنگێک بێئاگا گوتیان "تەماشا ئەوەتا کۆترە ڕەشەکە"

ئەلینای هورمزی دانساز هەروا لە پڕ بووە دوژمن و خەنیمی تەواوی قوتابخانەکە. دەیتوانی بە ئیشارەتێک مامۆستای گەنج و ئینگلیزیزان لە پۆل بێنێتە دەرێ و لە ناو چیمەنەکە هەروا بە هەوەس پیاسەی لەگەڵ بکات و تەنوورە کورتە سپی و سوورە خەتخەتەکەی لە هەموو پێچکردنەوەیەکدا بە دەست و پانتۆڵی مامۆستا کەوێ. ئەو دەیتوانی هەندێجار بە سەگەتی هێندە پێبکەنێ و خواربێتەوە تا سەری بەرشانی دەکەوێت و پرچە خاوە خورماییە حیزانەکەی بکەوێتە سەر شانی، کەسمان نەبوو ئەو تاڵە درێژانە نەبینێ جار جار لەسەر چاکەتەکەی جێدەمان.

دووشەممەیەک لەکاتی وانەی سێیەمدا کە زۆر

جار ئەلینا بەدوایدا دەهات لە پڕ ئەڵماس عیزەدین گوتی" مامۆستا ست ئەلینا ئیشی بە تۆیە"، ست ئەلینا بێئەوەی تەماشای پەنجەرەکەی ئێمە بکات بە بەردەمیدا تێپەڕی، مامۆستا بێئەوەی ئاوڕداتەوە گوتی "من ئیشم بەو نییە" منیش بێئەوەی هۆشم لە خۆمبێت بە دەنگێکی بەرز گوتم" من ئیشم بە تۆیە" هەموو ئاوڕیان دایەوە، بۆ یەکەمجار هەموو وا ڕوون و ئاشکرا گوێیان لە دەنگمبوو، مامۆستا بێئەوەی ڕوو لەهیچمان بکات گوتی" بەڵێ ئیشەکەی ئێوە گرینگترە، پێشئەوەی تەختەکە ڕەشکەمەوە بینووسنەوە".

ئەلینای هورمزی دانساز، کچێکی باڵا بەرزی باریک و تۆزێکیش گۆشتن و پڕ بوو، پێشتر جێگەی خۆشەویستی و ستایشی هەمووان بوو، بەیانیان دادە بەدیعە لەگەڵ خۆی بە قوتابخانەکەدا دەیگێڕا و لە ساحەش هەر لای ئەو دەوەستا، دڵپاک و ڕوو بە خەندە و شیرین بوو، دۆست و هاوڕێی هەموو قوتابییەکان بوو، بەڵام ئێستا دوژمن بوو دوژمنی هەمووان، لەپێش هەمووانەوە دادە بەدیعە پێی گوتبوو" بە تەنوورەی کورتەوە نەیەوە ساحە"، سەمیرە ئەحمەدی کورەچی کە وەک شەڕابی ناو کوپە گەڕابۆوە پێی گوتبوو" نیوەی ئەو قوتابیانەی دێنە بەر دەرگای قوتابخانەکەمان بۆ سمت و لاقی تۆدێن" نەسرینی کاتبمان ڕۆژێک دەستی گرتبوو، بردبوویە سەر پلیکانەکان و ڕیزێک کوڕی لەسەر بانی بەرابەر نیشاندابوو، جا پێی گوتبوو" حەیا چوو، ئەو هەموو کوڕە بۆ ئەوە لەوێ وەستاون تا تۆ بچیتە ساحە و سەیری سمت و قوونت کەن"

ئەلینا، بڕیاری دابوو گوێ بەکەس نەدات، گوێ بەو دڵە بێڕەنگ و تەنگەنەفەسەی ناو سینگی منیش نەدات، ئاخر تۆپی ئەو ژیانەی من شەقم تێهەڵدەدا زۆر لەگەڵ تۆپی یاری ئەو جیاواز بوو، ئەو تۆپەی من تەنها بە هەوای ئەو خۆشەویستییە دەگەڕایەوە، لەشولاری ناسک و بەلەرەی ئەلینام لەگەڵ جەستەی خەم بووردەی خۆم بەراورد دەکرد، بە چ دڵخۆشبم! دوو چاوی تا قیامەت مات و کزو سەربڕاو، دوو کوڵمی پێکەنین نەدیو، چەند پەنجەیەکی چیلکە ئاسا و سنگێکی ڕەق و تەق و جانتایەک کە بەشی هەموو دنیا نەهامەتی تێدایە، دیسانەوە تەسلیمنەبووم، دیسانەوە کزە بایەک زەردەخەنەیەکی فڕێدایە سەر لێوم، دیسانەوە پێکەنینم بە ئەلینا هات کە بەنیازی سمت و قوونی سپی و سۆڵ هاتۆتە مەیدان و دەریای بێ سنووری ئومێدی من و دڵی گەورەو بێ پەروای مامۆستا نابینێت.

ئەو شەوە دەستم بۆ هیچ کارێک نەبردو کتێب و دەفتەرێکم نەکردەوە، بەونیازەی هەموو ژیانی خۆم، ئەوەی کە نابینرێ، فڕێدەمە سەر کاغەز، دەستم بە نووسینی نامەیەک کرد، نووسیم " بەناوی تەباشیرەوە، بە ناوی ئەو ملیۆنان وشەو ڕستەی دوورو درێژو ڕەنگاو ڕەنگانەی لە ناو دڵم و پەردەی چاوم و بەرەدەستم نووسیووتە. بەناوی ئەو هەموو هەناسە پڕ تۆز و پڕ نهێنانەی یەکەیەکە خانەکانی دڵمیان پڕ کردووە. بە ناوی ئەنجوومەنی هەموو ئەو قەڵەمانەی جارێک دەستت بەریان کەوت و من وەک دیاری و ئەمانەت پاراستمن"

کە ڕووناکی و گزنگی بەیان بێڕووخسەت خۆیان بە ژوورەکەمدا کردو تاریکییان لە خەو هەستاند من بیست و حەوت لاپەڕەم لە دەفتەرێکی سی لاپەڕەیی نووسیبوو، ماوەیەکی زۆر کەم نووستم و بەو پەڕی خولقەوە، سەر مەست و حەیران لە خەو هەستام، دوا بەشی نامە تەواو نەکراوەکەم خوێندەوە" ئەگەر مانگ چەند شەوێک دەرنەکەوێت کەس بیری ناکات و بۆ دنیاش هیچ نایەتەپێش، گەر بەیانی خۆر هەڵنەیەت دنیا ماوەیەک لەو تۆپە ئاگرینە ڕزگاری دەبێت و گیاندارە بەستووەکانی ژێر شاخە بەستەڵەکەکان لە مردنی خۆیان بە ئاگادێن و دەست بەژیاندەکەنەوە، با باران نەبارێت و شار هەمووی نەکاتە قوڕ و چڵپاو، بەڵام من یەک ڕۆژ بەو دەستە پڕ تەباشیرانەتەوە نەتبینم ناکرێت و میزانی ژیان بەتەواوی لاسەنگ دەبێت، ئەو دڵە بچووکەم کە تاکە ئومێدی تۆی و کەسیش نایبینێ بۆ هەمیشە لەلێدان دەکەوێت"

ئـەو دەفـتـەرە سـی لاپـەڕەیـیـەم خسـتـە ناو دەفتەری ئینگلیزیمەوە و شادمان و سەرمەست چوومە قوتابخانە، نەمتوانی سڵاو لەکەس بکەم و نەشمتوانی بۆکەس ڕوو گرژ بم. گەڵایەک بۆ دیتنی ئەو شادمانییەم ئەوەندە خۆی شۆڕ کردەوە وەری و بۆ لەحزەیەک کەوتە سەر شانی چەپم، پاسارییەکی دەنووک سوور لەسەر دارتێلێکەوە دابـەزی بۆ سڵاوێکی من، کۆتایی وانـەی دووەم هەموو دەفتەرەکانی ئینگلیزییان کۆکردەوە، هەر دوو دەفتەرەکەو دڵێکی ترساوو بێ ئۆکسجینم تێکەڵکردن، مامۆستا هەموو دەفتەرەکانی خستنە بن هەنگڵی، کە ڕوانیم تەنها دەفتەرە سی لاپەڕەییەکەی من نەبێت لەسەر پەنجەرەکە جێما بوو، خێرا چووم و هەڵمگرتەوە، هەر دەفتەرەکەم تاودایە هەموو بەیەک دەنگ پێکەنین و منیش خێرا لە پۆل چوومە دەرێ و لەئاودەستێکی پڕو پیس و بۆگەندا تاتوانیم بەکوڵ گریام.

چەند ڕۆژ دواتر لە بیرمە هەرە دوا ڕۆژەکانی پاییز بـوو، وانــەی شەشـەمـمان لەتـاریکیدا بۆ نەخوێندرا، بارانێکی نەرم وەک منداڵێکی شەرمن جار جار دەنگی لە پەنجەرەوە دێنا، چەند ڕۆژ بوو دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئەلیناو مامۆستای ئینگلیزی لـەژووری فەڕاشەکە پێکەوە گیراون، دەیانگوت کراسە سپییەکەی ئەلینا تا سەر شانی هەڵکراوە و ستیانە سوورەکەی دەرکەوتووە، تەنها من، تەنها من و کەسێکی دیکەنا، دەمزانی درۆیە و ئەو مامۆستا گەنجە تا ئێستا ستیانی هەر نەدیوە، ئەو ڕۆژە لەتاریکیدا دوای کەوتم و دەفتەرە سی پەڕەییەکەشم بەدەستەوە بوو، چەند کۆڵانێک لەبەر بـاران ڕۆیشتین، دەمویست هـەر چۆنێک بووە بیگەمێ و دەفتەرە جەرگ سووتاوەکەمی بدەمێ، چەندجار بانگمکرد ئاوڕی دەدایەوە وەک من نەبینێ دیسانەوە دەڕۆیشتەوە، تا دواجار زۆر بەتووندی بانگمکردەوە ئەویش زۆر بەپەلە ئاوڕی دایەوە. شاگەشکە بـووم و بەخەندەو خۆشییەوە بەرەو ڕووی چووم و دەفتەرەکەم بۆ ڕاداشت، پێش ئەوەی من بگەمە مامۆستا دوو پیاوی ئەستوور و خوێن تاڵ پێشم کەوتنەوە دەستەکانی مامۆستایان گرت کە بۆ من، ڕاکێشابوون. یەکێکی کە کە هەر ئەو کاتە لە دوایەوە پەیدابوو بەر چەقۆیدا، یەکەم چەقۆ کە تەنها نرکەیەکی لێهات، مامۆستا بە هەر دوو چاوی کە تەواو کرابوونەوە سەیری منی دەکرد، دەفتەرەکەم لێکەوتە ژێر پێی پیاوەکان، لەو کاتەدا چەقۆی دووەم و سێیەمیان لێدا، مامۆستا کەوت و سەری کەوتە سەر دەفتەرە شینەکاڵەکەی من، کە هەر ئەو کاتە زانیم بۆچی ئێزدیەکان ڕەنگی شینیان بە نەحلەتکردووە، من نەمزانی ئەو هەموو وشە پڕ خوێنانەی من لەو دەفتەرە شەهیدەدا چیانگوت، نا نەمزانی هەر لەناو دەفتەرەکەدا مانەوە! کەوتنە ناو خوێنەکەو سڕانەوە! فڕین و سەر زەمینیان جێهێشت، تەنها ئەوەندە دەزانم وەختێک سەریم سوڕاند، سەیری چاوەکانی کردم و گوتی" ئەوە تۆ بووی حەرامزادە!" نەمدەزانی دەمبینێ یان نا، چونکە چاوەکانی پڕ بوون لە خوێن، من گریام و هاوارمکرد، دەموچاویم سڕیەوەو زیاتر خوێنی بە سەردا ڕژا، ئەو بێ هەست سەری بەسەر دەستمدا شۆڕکـردبۆوە. جۆگەلـەیەک لـە وشـەو ڕستەی ئینگلیزی بەناو خوێنەکەیدا دەڕژان، هەزاران ئومێدو هەناسە و وانەی نەگوتراو کۆمەڵ کۆمەڵ و تاک تاک جێیاندەهێشت، تاڵترین ڕۆژی من بوو، تاکە کەسێک منی دیت کوژرا، دیتنی من و خوێن ڕشتنی لە یەک لەحزەدا بوو، لەمن تەنهاتر و حەزینتر تەرمی ئەو مامۆستا کوژراوە بوو.

ئەو شەوە مۆمێک لە سوچێکی ژوورەکەم داگیرسا بوو، لە نێوان ڕووناکی وتاریکی مۆمەکەدا مامۆستا سەری بەسەر دەفتەرە بەرگ شینە نەحلەتیەکەدا شۆڕ ببۆوە، سەدان وشە وەک لەشکری لە بڕان نەهاتووی مێرووله لەناو دەفتـەرەکەوە ڕێگەی بەستبوو، ئـەو وشانە نەجارێکی دیکە هاتنەوە سەر زمانی من و نە لە فەرهەنگی زمانەکەشماندا پارێزران، ئەو وشانە لە دڵمەوە درێژ دەبوونەوە تا دەروازەی قیامەت.

بەیانی بێدەنگ لەژێر ئالای وڵاتدا وەک ئەوەی لە بەڕێکردنی تەرمی سەرۆکێکی ڕاستەقینەدابین وەستاین. دادە بەدیعە بەوپەڕی کەساسیی و غەمبارییی ڕەفتەیەکی ڕەشی لە ملی ئاڵاندبوو، زۆر بەگرانی دەمی بۆ کرایەوەو گوتی" دەمەوێ هەواڵێکتان بدەمێ.." سەیری ئاسمانی کرد، کۆترێکی ڕەش لە سەرمان لەنگەری گرتبوو، لەبەر خۆیەوە گوتی "چ ڕۆژێکی ڕەشە!" لەو کاتەدا قووڵ و بەکوڵ و کپ وەک خنکان گریا و گوتی" مامۆستای ئینگلیزیتان..." پێش ئەوەی قسەکەی تەواوکات هەموو قوتابییەکان دایانە پرمەی گریان و هەنسک. چەندانیان بوورانەوە و سەریان بە ڕانی برادەرەکانیان کرد، شەهلای وەستا سابیری بزنمژ سەیری کۆترەکەی کرد و گوتی "ئەوە ئەو کۆترەیە لە خەونەکەمدا جیقنەی بەسەری مامۆستادا کرد." هەموو قوتابییەکان دوای ئەوەی سەیری کۆترەکەیانکرد چاویان بۆ ست ئەلینا دەگێڕا، کەچی ئەو بێ ئەوەی وەک ئێمە بگریابا سەنگین و خەیاڵاوی وەستا بوو، ئەو سەنگینییەی هیچ لە لاقە رووتەکانی نە دەکاڵایەوە. تەنها پەڕۆیەکی ڕەشی لە نێوچاوانی بەستبوو تاقژی پێکۆکاتەوە.

لە وانەی دووەمەوە هەناسەیەکی قورس کەوتە سەر تەواوی قوتابخانەکە، دەنگی پێی پۆلیس و ئەفسەرەکان بە ڕاڕەوەکاندا بڵاوبوونەوە. یەکە یەکە لە مامۆستاکانیان پرسی بوو، ئەو مامۆستا گەنجە چۆن بوو؟ پەیوەندیتان لە گەڵیدا هەبوو؟ کەس سەری دەدا؟ هیچ کێشەی لە گەڵ کچەکان نەبووە؟ دواتر ڕوویان لە ئەلینا کردبوو" پەیوەندیت لەگەڵیدا چۆن بوو؟" ئەویش گوتبووی باش، دەفتەرێکی بەرگ شینی کاڵیان نیشاندابوو، خێراو لەوپەڕی حیرسدا هاواری کردبوو" ئەوە دەفتەرەکەی منە، من تۆزێک پێشتر دابوومە دەستی" ئەوان بۆ دڵنیا بوون لێیان پرسی بۆوە" ئەو دەفتەرە هی تۆیە؟ ئەو دووبارەو بە پەلە و گەرموگوڕ گوتبووی " بەڵێ هی منە، ئەو دەفتەرە منم من" ئەفسەرە کورتە باڵاکە زۆر نەزانانە پرسیبووی" کەواتە تۆ پیاو کوژەکان دەناسی؟

" من جگە لەو کەسم نەدەدی؟ لەگەڵ ئەو قسەیە ئەلینا بورابۆوە، کەوتبوو، ڕانە سپیەکانی بەدیار کەوتبوون، ئەفسەرە کورتەباڵاکە چاوی لادابوو، پۆلیسەکەی تەنیشتی چاوەکانی خۆی گرتبوون پێش ئەوەی بکەونە سەر ڕانەکانی و هەموو خوێنی دڵی بەفەرمانێکی بەپەلە گەڕابۆوە ناو دڵی.

* * *

هەموومانیان کۆکردەوە، ئەفسەرەکە قسەی بۆ کردین و داوای لێکردین هەر کەس زانیارییەکی تایبەتی لەسەر مامۆستای کوژراو هەیە بیداتێ، یەکەیەکە قوتابییەکان چوونە بەردەمی، جیقنەی کۆترە ڕەشەکەیان بە وردی بۆ گێڕایەوە، نامەکانی بۆیان ناردبوو، قەڵەمی یادگاریی و کارتی پیرۆزبایی ڕۆژی مامۆستایان و چەندان شتی کە، من چووم و لەبەر دەمی وەستام، گوتم" ئەو ئەلینا سیحربازە درۆزنە، ئەو دەفتەرە هی منە، بیست و حەوت لاپەڕەم بە خوێنی دڵم لێنووسیوە، هەر لاپەڕەی بیست و حەوت دێڕەو هەر دێڕەی دەیان خەون و ئومێدی منی لەژێردایە، جارێکی دیکە لێی بروانە لە ژێر دێڕەکانی لاپەڕەی یەکەمدا بارانێکی وەنەوشەیی دەبارێت، لە ناو دێڕەکانی لاپەڕەی دووەمدا کۆمەڵێک گوڵاڵە سوورەی قژکاڵ شەرمن وەستاون و لەلاپەڕەی سێیەمدا بوخچەیەک کوڵوکی هەنارم لەو پەڕۆیە پێچاوە بە مندالی منیان لەسەر فڕێدابوو، لاپەڕەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم هەمووی بەمار داپۆشراوە، مارەکان دەجولێن و تەنها ئەو کاتە دەوەستن مامۆستا بیەوێ بیخوێنێتەوە، لاپەڕەی حەوتەم تا دوانزەهەم وەک حەوشەی گڵێنی جاران ئاو پڕژێنکراوەو بۆنی گڵەکەی هەموو وشەکانی مەستکردووە. لەلاپەڕە نۆزدەو بیستدا هەموو مەکرو سیحرەکانی ئەو ئەلینا سەرەمێکوتەیەم خستۆتە ژێرپێ، خودایە بمکوژی من لەلاپەڕە بیست و پێنجەوە تابیست و حەوت پاییزم بەو هەموو جوانی و فێڵەیەوە ڕاخستووە، من نیازم بوو دوا لاپەڕەم بەهار بێت، ئاوریشم ڕاخەم و لەسەری بنووسم،

من ئەو شەوە نازانم کێ دەستی گرتم و ڕایگرتم و نەیهێشت نامەکەم تەواو بکەم."

لەگەڵ ئەو قسانەدا لە هەموو هەستو سۆزێک دادەشۆرام و وەک بەردێک بەرگەم دەگرت، ڕوانیم ئەفسەر و پۆلیسەکان دەڕۆن و قوتابییەکان وردە وردە دەچنەوە پۆلەکانیان و کۆترە ڕەشە گوپنەکەش خەریکە لەسەر لێواری پەنجەرەکەی نیوەکراوەی ژووری ئەمبەر هێلانەدەکات.

لەو ڕۆژەوە قوتابخانەکەمان بووە کارگەی کۆتری ڕەش، لەبن میچ و سەر تاق و ناولقی درەختەکان دەیان و سەدان هێلانەی کۆتری ڕەش بڵاببوونەوە. بۆیەکەمجار خۆم نەدیت و زانیم ئەوەش نەخۆشییەکی دیکەیە دەبێ چاوەڕێی بم. ئاخر من تەنها کۆمەڵە سۆز و هەستێک بووم لەحیرس و حەماس و لەبەردەم ئەفسەرەکەدا ڕژامە سەر زەوی و هیچ هیچ نەمامەوە، هەموو شتێکم دەدیت و خۆم نەدەدی، قوتابیەکان پەشێو و گومڕاو غەمگین سەریان شۆڕکردبوو دەڕۆیشتن.

ئەفسەرەکە دەیویست دەفتەرەکە لە ئەلینا وەرگرێتەوە، بەدیعەخانی بەڕێوەبەرمان زەرد زەرد ببوو، مامۆستا سەمیرە کۆستێکی قورس و شیرینی کەوتبوو، لەو ڕۆژەوە شەهلای وەستا سابیری بزنمژ لەگەڵ دایکە سەد مێرد کەرەکەیدا هەر بەدکتۆرەوە بوون، نەیدەتوانی بۆ ساتێکیش بخەوێ، هەر خەویشی لێ کەوتبا لە پڕ بە ئاگا دەهات و دەیگوت"من نا مامۆستا، من نا، من خەوی خێرم بە تۆوە دیوە" شێخە موبارەکەکەی نزیک پێنج محەمەد ئامۆژگاری کرد بوو هێمن بێت و پێش خەوتن سورەتی یاسین و چەند ئایەتێکی دیکە بخوێنێ، زووش شوو بکات. بە دزی بە بزنمژی گوتبوو" ئەو مامۆستا بێدینە بۆتە جنۆکەو دوای مردنی چۆتە ناولەشی ئەو بەستەزمانەوە، لەگەڵ خوێنی کچیەنی دێتەدەرێ،" لەو ڕۆژەوە یەک ڕەنگی جلی ڕەش بەسەر هەمووواندا بڕا، تەنها ئەو ئەلینا لە خوانەترسە نەبێ، کراسێکی سپی لەبەر دەکردو خونچەیەکی لەسەر مەمکی چەپی هەڵدەواسی کە خاڵێکی قووڵ و سووری تێدابوو.

ئێمە هەموو ڕقمان لەو گوڵەو لەو ئەلینا عەیارە دەبۆوە، کەچی ئەو ڕۆژێک ڕووی بە ڕووماندا گرژ نەکردو قسەیەکی ڕەقی نەکرد، بە پاکەت کێک و نەستەلەی بۆ نەسرینی کاتب دێناو دەرمان و کرێمی بۆ دادە بەدیعە دەکڕی و لەبەر هەتاوی نیوە ساردی پاییزان و شنەی بەهاران دەستەکانی دادە بەدیعەی بەو کرێمە سەد بۆنانە چەور دەکردو کرێشی سەر قۆڵ و شانەکانی بۆ دەتەکاند، دادە بەدیعەش وەک بەرازێکی غەزریو و بریندار ڕووی تێنەکرد و لچە ئەستوورو ڕەشەکەی تاسەر چەناگەی شۆڕدەکردەوە.

ست سەمیرە ئەحمەد سەرکردەی لەشکری ڕق و تووڕەو بەزیوی ئێمەبوو، بەردەوام پلانی بۆ دەرکردن و بۆ وێرانکردن و حەیابردنی ئەلینا دەکێشا، ناچاریان دەکرد لە وانەی یەکەمەوە بێکار بێت و تا وانەی شەشەم بمێنێتەوە، ئەویش ئاڵ و ئاغر کتێبێکی بە دەستەوە دەگرت و لەو سەری باخچە لەبن دارێک دەیخوێندەوە، من دەمزانی ئەو سەگ جسنە لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی منی کۆپی کردو بەلاپەڕەی هەموو ئەو کتێبانەوەی چەسپکردوون کە دەیهێنێ بۆ مەکتەب و دەیانخوێنێتەوە، ڕۆژێک نەمانتوانی وەک بێگوناە و دڵسۆز سەیری ئەو کچە کەین کە بەردەوام موحیبەتی بۆ هەموومان دەنواند، من سەرەڕای دڵشکانی خۆم زۆر جار ئەو پاکیەیم دەدیت، بەڵام دەنگێک لە هەموو سوچێکی قوتابخانەوە دەهات و دەیگوت"ئەو فاحیشەیە بە هەڵەت نەبا" ئەو بێئەوەی بەسەر خۆی بێنێ بەهەمان جوانی و خۆشەویستی جارانەوە سڵاوی لێدەکردین، ئێستاش خۆشی و جوانییەکی مات، مات و بێ قسەو حیکایەت ڕووخساری داپۆشیوە.

دوای بیست و سێ ڕۆژ لە کوژرانی مامۆستا، هەمان ئەفسەری یەکەمجار هاتەوە، پۆلیسێکی قەڵەوی خوار بە دوایەوە بوو، جانتایەکی ڕەشی هەڵگرتبوو، چوونە ژووری بەڕێوەبەر، بەدیعەخان چەند ڕۆژ بوو هاتبۆوە سەر خۆی، وەک لە

نەخۆشییەکی قورس ڕزگاری بووبێ دەنگی نزم و پچرپچڕ بوو، دواتر هەموومانیان لە ژووری تاقیکردنەوەکان کۆکردەوە، دادە بەدیعە بەو دەنگە نەخۆشەی گوتی" ئێوە هەمووتان کچی منن، هەڵەی ئێوە هەڵەی منیشە، داواتان لێدەکەم لە پێناوی جوانەمەرگدا ڕاستی بڵێن" لەگەڵ وشەی جوانە مەرگدا موچڕکێک هەموو لەشی داگرتم و مردنی مامۆستای لا کردمەوە ڕاست. ئەفسەرەکە تەماشایەکی وردی هەموومانی کردو گوتی" ئێوە هەمووتان گەورەن، بۆیە بەئاشکرا مەبەستی خۆمتان پێدەڵێم، ئەو جانتا ڕەشە پڕپڕە لە نامە، نامەی جۆراو جۆر کە بۆ مامۆستاتان نووسیوە، دەتوانم یەکەیەکە بە هۆی دەفتەرەکانتانەوە، نامەی هەر یەکێکتان بناسمەوە، وادیارە هەمووتان پەیوەندی نامە بازیتان لەگەڵ مامۆستادا هەبووە، من بەدوای دوو مەبەستدا هاتووم: یەکەم ئایا مامۆستا وەڵامی ئەو نامانەی داونەوە؟ هەرکەسێکتان نامەی مامۆستای لایە دەتوانێ ئێستا یان دواتر بە هەر جۆرێک خۆی حەزدەکات بیگەیەنێتە دەستم، مەبەستی دووەمم ئەوەیە لەو نامانەدا زیاتر لەسێ جار هەرەشەتان لەو مامۆستایە کردووە، یەکێکتان نووسیویەتی دەتکوژم، بەو دەستانەم دەتکوژم، لەو نامە دوورو درێژەشدا کە هیچ شاعیرێک ناتوانێ ئاوا بیرازێنێتەوە نووسراوە"تۆ بە ئاگات هێنام و ژیانت پێبەخشیم و بۆ یەکەمجار منت دیت، من ئێستا بۆ تۆ دەژیم و جگە لە تۆبۆ من دنیا چۆڵ و هۆڵە یان من هەڵبژێرە یان دۆزەخ"

ئەفسەرەکە دوای کەمێک ورد بوونەوە گوتی" بەڵام نامەی سێیەم لەو دوانە جیاوازە، تەنها دوو دێڕی بۆ نووسیوە" تۆ ئابڕووی قوتابخانەکەمانت بردووە، ئەگەر نەڕۆی سزای ئێمە قورسە"

هەموومان سەرمان بۆلای کچە نوێژکەر و لەخواترسەکە سوڕاند، هەرچەند چاوەکانی پڕبوون لە ئاو کەچی وایدەرخست کە ئاگای لەهیچ نییە و بەسەر خۆی نەهێنا.

ست سەمیرە ئەحمەدی کورەچی لە شوێنی خۆی هەستاو چووە بەردەم کورسی ئەفسەرەکە تاگەیشت ئەفسەرەکە زۆر بە وردی تەماشای کرد، ئەویش ڕووی دەمی لەو کردو بەشێوەیەک هەموومان گوێمان لێبێت گوتی" دەبێ ببوری من لەجیاتی ئەوان وەڵام دەدەمەوە، ئەو هەڕەشانە هەڕەشەی ڕاستی و جدی نین، ئەوانە چەند قسەیەکن بۆ دەربڕینی ڕێزو خۆشەویستی، هیچ بیریان لە ئەنجامی وا نەکردۆتەوە..."

ئەفسەرەکە قسەکەی پێبڕی و گوتی"خانم بەڵام کارەکە بە ڕاستی کراوە، ئەو مامۆستا بەستەزمانەیان بەڕاستی کوشتووە"سەمیرە کە ڕەنگی وردە وردە دەگۆڕا دووبارە گوتی"لەو جۆرە نامانەدا تەنها لایەنی سۆزو باری دەروونی ڕەچاو دەکرێ، ناکرێ بە ئەقڵیەتێکی پۆلیسی نامەی ئەو قوتابیانە بخوێندرێتەوە" دیسانەوە ئەفسەرەکە قسەکەی پێبڕی و گوتی" ببورە خانم ئێمە پۆلیسین و دەبێ هەموو تاوانێک بە ئەقڵیەتێکی پۆلیسی بخوێنینەوە دەنا یەک تاوانبارمان پێناگیرێ " ست سەمیرە ئەو جارە توندتر گوتی"جەنابی پۆلیس یەکەم ئەو نامانە تاوان نین، ئەگەر بتەوێ بە هۆی ئەو نامانەوە بکوژ بدۆزیتەوە دەبێ هەر چاوەڕێ بیت، ئەو نامانە هەموو قسەی هیچن، هەموو وشەی گەورە گەورەو بەتاڵن، شەوانی تەنهایی ئەو کچانە لەژێر لێفەو یان بەدیار چراو فانۆسەوە بە ناوی مامۆستاوە خۆشەویستی خۆیان دەربڕیوە، تەنها ویستوویانە بیانبینێ و گرینگیان پێبدات، هەڕەشەکانیش جگە لە چەند قسەیەکی منداڵانە هیچی دیکە نین"

ئەفسەرەکە زۆر بێئەدەبانەتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا گوتی" مامۆستا دیارە بە منداڵی جەنابتان زۆرتان هەڕەشەی وا ناردووە، بەڕێزان هەموو کوشتنێک هۆکارێکی ژنانەی لە پشتەوەیە" ست سەمیرە بە دوو چاوی سوورتر لە ئاگر لە کاتێکدا لە هۆڵەکە دەچووە دەرێ گوتی" من لەگەڵ پۆلیس هیچ قسەیەکم نییە" جەنابی پۆلیس ڕووی لە هەمووان کردو گوتی"بەڵام من قسەم لەگەڵ هەر هەمووتان هەیە، دەبێ خاوەنی ئەو نامانە بناسم،

دەبێ دەسخەتی ئەو مامۆستایەی چووە دەرێ و هەموو مامۆستاکان ببینم، دارو دیواری ژووری مامۆستاکەتان نامەی ئێوە بوو، هەندێکیانی لەسەر مێزەکە دانا بوو، بەشی زۆریشیانی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، دەرگای کانتۆری جلەکانی و کۆمیدی کتێبەکانی بەو نامانە داپۆشرابوون، من وێنەی هەموو ژوورەکەیم گرتووە، هەموو نامەکانیشم پێیە"

دوای کوژرانی مامۆستا، ئەوە یەکەمین هەواڵی خۆشبوو بیبیستین، لە دڵەوە گەشاینەوە، گەشانەوەی کەسانێکی دڵشکاو، واتا مامۆستا نامەکانی ئێمەی خوێندۆتەوە، واتا گرینگی پێداون و هەڵیواسیون تا بەردەوام لە بەر چاوی بن، دەبێ نامەی کێ بە کەنتۆری جلەکانی مامۆستاوە بووبێت؟ ئەوە چ چانسێکی گەورەیە، لەوە خۆشتر نییە نامەکەت بە کۆمیدی کتێبەکانییەوە بێت! لەگەڵ دەستبردن بۆ هەر کتێبێک بکەوێتە بەر چاوی، دەبێ چ نامەیەک بە لێواری ئاوێنەکەیەوە بوو بێت؟ هەموو سەیری یەکترمان کرد، بە چاوێکی شەیتانانەو دڵێکی پڕ سیحر بۆ یەکترمان ڕوانی، پێش کوژرانی مامۆستا، پێش ئەوەی ئەو ئەفسەرە ئەو قسەیە بکات هەرگیز ڕێگەمان بە خۆمان نەدابوو خەیاڵێکی وا فراوان بکەین، هەرگیز بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە ئەو نامە ناکامڵانەی ئێمە دەخوێندرێنەوە، لە ناخەوە دڵخۆشبووین، دڵخۆشییەک بتوێتەوەو بزێتە ناو دەم، من بۆ یەکەمجار لە زەتم لە هەموو وشەکانی خۆمکرد، پرسیم، لە خۆم پرسی، دەبێ وشەکانم چۆن هەڵڕژابنە دڵی مامۆستاوە؟ وەک بزمار چەقیبین یان وەک قاوە توابنەوە؟ نا حەز ناکەم وەک گوڵ چووبنە ناو دڵیەوە، چونکە گوڵ زوو دەڕزێت، گوڵ سەرەتا بۆنێکی خۆش و دواتر ڕزینێکی نەبڕاوە، بۆ یەکەمجاریش زانیم کە ئێمە کچگەلێکی ناکام و ناکامڵین، چۆن ئەو هەموو لافاوەی نامەکانمان لەچاوەکانیدا، لە قەسەکانیدا، لە ڕەنگ و ڕوویدا نەناسیوەتەوە، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ نامەکەی منی لە کانتۆری جلەکانی نەدابێ؟ دەبێ بە ئاوێنەکەوەی نەکردبێ؟ دەمگوت چەند خۆشە نامەکەی منی لەپشت سەریەوە لەسیسەمی نووستنەکەی دابێ!

مامۆستا بەدیعە بە ویقاری ناپلیۆن و جەستەی چارلیی چاپلینەوە زۆر دایکانە و دڵسۆزانە چووە لای ئەفسەرەکەو پێیگوت:

"جەنابی ئەفسەر دەبێ ئەو نامانە بدەی بەمن، ئەوانە نامەی قوتابیەکانی منن بۆ مامۆستایەک کە خۆشیانویستووە، دەبێ تۆ بزانی ئەوانە نامەی دڵسۆزیی و ئەمەکدارین، ئەوان لە ڕێز و دڵپاکییانەوە نووسیویانن، ڕێی تێناچێ ئەو هەموو قوتابیە خەیاڵی خراپیان بۆ مامۆستایەک هەبووبێت، خۆ ئەو ماۆستایەش لە گوڵ خاوێنتر بوو"

ئەفسەرکە کەمێک هێمنتر و بەئەدەبانەتر گوتی"با بڵێین ڕاستە، بابڵێین ئەو قوتابیانە دڵپاک و ڕاستگۆن و مامۆستاکەشیان فریشتە بووە، هەر چەند جەنابتان نامەکانتان نەخوێندۆتەوە، ئەی بۆ ئەو نامە پڕ هەڕەشانە دەڵێی چی؟"

* * *

دەرگا کرایەوە، ئەلینای هورمزی دانساز هاتە ژوورێ، وەک ئەوەی ئاگای لە هەموو شتێک بێت، گوتی" جەنابی ئەفسەر بێ هودە بەدوای چیدا دەگەڕێی، هەموو ئەو نامانە من نووسیومن، ماندوو بوون و هەست و سۆزی من بۆ دەدەیە کەسانی دیکە؟ من بە دەستخەتی جیاواز و قەڵەمی جیاواز هەموو ئەو نامانەم نووسیووە، ڕۆژانە دەمدان بە قوتابیەکانم، ڕامدەسپاردن ئەو نامانەی شەوانە دەمنووسین ئەوان بە دەستخەتی خۆیان بۆم بنووسنەوە، کوا ئەو منداڵانە دەزانن هێندە قووڵ نامە بنووسن، ئاخر جەنابی ئەفسەر دەبێ پێش دەستخەتەکان هەست و شعورو سۆزو خۆشەویستی بناسنەوە"

جەنابی ئەفسەر سەرسام و گوماناوی سەری بەرزکردەوە و پرسی"نامە هەڕەشەکانیش؟ ئەو نامانەش کە باسی کوشتن دەکەن تۆ نووسیوتن؟ تۆ ویستوتە مامۆستا بکوژی؟"

ئەلینا سارد و ئارام، بە دوو چاوی خومار خومار و مەست مەستەوە گوتی"ئا، ئەوانیش هی منن. تۆ هەموویانت نە خوێندۆتەوە، هەرەشەی سەختترم لێکردووە، دەیانجار بۆم نووسیوە ئارەقەی گەردنت و فرمێسکی چاوت و خوێنت دەخۆمەوە، بۆم نووسیوە شەڕی ئێمە بەمردنیش کۆتایی نایە."

ئەو پۆلیسە چاو حیزەی وتەکانی دەنووسی گوتی" قوربان ئەو خانمە شێت بووە شێت "

هەمووومان شەرمن و حەیاچوو یەکەمجار بوو ئەوەندە وشەی بێڕوومان گوێ لێبێت، کەچی ئەلینا ئارامتر و گەرمتر گوتی" ئا ئەو پۆلیسە ڕاستەکات من شێت بووم، ئاشقەکان هەمیشە شێتن، کەسێک کوێر کوێر کوێر نەبێت هەرگیز ناتوانێ ئاشق بێت، جەنابی ئەفسەر بە هەموو هاوپیشەکانت بڵێ هەرەشەی ئاشقان خوێنێکە تەنها لە سەر کاغەز دەرژێت، قسەی ئاشقان لە تاریکییدا دەرژێت، لە تاریکدا دەنووسرێت و ڕووناکی نابینێت، ئەو هەرەشە پڕ خۆشەویستیانە، ئەو هەرەشە شیرنانە کەسی پێناکوژرێ، ئەو ئاشقەی ئەو هەرەشانە دەکات بۆ خۆی زۆر دەمێکە کوژراوە، ئەو مامۆستا بەستەزمان و زوڵملێکراوە بە بەر چاوی هەمووانەوە منی کوشت و کەسیش تاوانباری نەکرد، جەنابی ئەفسەر بۆ یەک ڕۆژ ئاشق بوویای ئەو نامانەت نە دەخستە ناو فایلی تاوانەوە"

ئەفسەرەکە فەرامۆشکارانە گوتی" خاتوونی ئاشق ئێمە ئاشقی کێ بین، دزو تاوانبارو سەرسەری ؟ ئاشقی عەریف و پۆلیسە خوێن تاڵەکانی خۆمان بین؟ من لەوانە تێناگەم پیاوێک کوژراوەو ئەو هەموو نامە هەڕشانەی بۆ چووە، ئەویش لەگەڵ جوتیار و بازرگان و قاچاغچییەکان نەژیاوە، تێکەڵ چەقۆکێش و مەینۆش و تریاکفرۆشەکان نەبووە، ئەو تێکەڵ ئێوە بووە، ئەو هەموو نامانە هی ئێوەن، کە بزانن ئەو هەموو هەڕشانە بکەن دەشتوانن قەتڵ بکەن"

من نازانم بۆ، بەو نەدیتراوییەی خۆم حەزمدەکرد ئەو ئەلینایە بکوژرێتەوە، بگیرێت و چ خراپە ئەوەی پێبکرێ، یان بەلای کەمەوە لە ژوورێکدا لەگەڵ مەیتەکەی مامۆستا دایبنێن و ناچاری بکەن هەموو ڕۆژێ ئەو نامانەی بۆ بخوێنێتەوە کە خۆی نەینووسیون، ئاخر ئەو ئەفسەرەش کەرو بێمێشکە چۆن باوەڕدەکات قون ڕووتێکی ئاوا ئەو هەموو سۆزو ئەشقە بنووسێ، کوا دەکرێ نامەی ئەو، ئەو هەموو ترس و تەنهایی و بۆن نەوتەی لێبەرزبێتەوە.

ئەفسەرەکە هەموو نامەکانی کۆکردنەوەو خستنییەوە ناو جانتاکەو، هەستاو ڕووی لە ئەلینا کرد" من دەزانم چۆن ڕاستی دەدۆزمەوە." ئەلینا ویستی ڕایگرێ و دەستی بۆ جانتاکە بردو گوتی" ئەمانە نامەی منن تۆ مافی ئەوەت نییە زەوتیانکەی"

هەموو قوتابیەکان دڵخۆشبوون کە نووسینی نامەکان کەوتە ئەستۆی ئەلینا، ئەوان هەر زوو وازیان لەو سۆز و موحیبەتە هێنا بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو نامەکاندا نووسیبویان، تەنها من هاوارم دەکرد و دەمگوت"ئەو ئەلینا حەکەدارە و زۆرزانە فێڵ لە هەمووومان دەکات، ئەو هەرگیز نازانێ تاکە ڕستەیەکی خۆشەویستی بنووسێ، باوەڕی پێمەکەن."

بەڵام کەس من نابینێت و کەس گوێی لەدەنگی من نابێت، نازانم بۆ ئەو دەنگانەی ڕاستیەکان دەڵێن هەرگیز نابیسترێن. خۆ ئەوەتا من ڕوون و ئاشکرا هەمووان دەبینم وگوێم لەدەنگیانە، دەشزانم هەر هەموویان درۆدەکەن، دەنگی درۆ بۆ ئەوەندە بەرزە، بە ست بەدیعە و نەسرینی کاتبیشەوە، دەنا ئەوان باش ئاگاداری ئەوەن ئەونامانە هی ئەو ئەلینا چاو حیزە نین."

* * *

هەر ئەو ڕۆژە پێش ئەوەی هۆڵەکە چۆڵ بێت بەپەلە چوومە پێشەوە و دەستم بۆ ئەو دەفتەرە بەرگ شینە کاڵە برد کە ڕۆژی کوژرانی مامۆستا ویستم بیدەمە دەستی و ئێستا بە دەستی ئەلیناوەیە و دەیخوێنێتەوەو وەک نامەی خۆی تەماشای

دەكات، هەر دەستم بۆ بردو پەنجەم بەر ئەو پەڵە خوێنەی بەرگەکە کەوت، ئەلینا هاواری لێهەستا و توند دەستی گرتم و گوتی"دەست لابە ئەو دەفتەرە هی منە، خوێنی خۆمە، هەی جنۆکەی چاوم قایم" چەند دڵخۆشبووم بەوەی کەسێک منی دیوە، سەد ئەوەندە لەدەنگی ترسام، هەموو قوتابییەکان ترسان و هاواریان کرد، دادە بەدیعە بورایەوە، ست سەمیرە توند دەستی ئەلینای گرتبوو، دەیگوت" کوا کێ دەستی لەو دەفتەرە داوە، بۆچی هـاوار دەکەی" قوتابیەکان بە هەموو لایەکدا هەڵدەهاتن، کۆترە ڕەشەکانی سـەر شیشی پەنجەرەکان دابوویانە شـەقەی بـاڵ و هەندێکیان لـەگـەڵ ڕەوەیــەک لە پەڕەسێلکە ڕەش ڕەشەکان ڕژابوونە ناو هۆڵەکە و بێپەروا لەو سەری هۆڵەکە دەفڕینە ئەو سەر، ئەلینا هاواری کرد و گوتی" ئەوەتا دەیەوێ دەفتەرەکەم بەرێ" نەسرینی کاتب هاواری کرد " تۆ شێت بووی ئەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەی" هێندە توند هەناسەی هەڵمژی، قۆپچە زەردەکانی کراسەکەی یەکە یەکە پچڕان و کەوتنە سەر زەویەکە، دەستی توند بە سنگی گرتبوو، مەمکە گەورەو سپی و هەویریەکانی لەنێوان پەنجەکانی هاتبوونە دەر، کچە نوێژکەرو لەخواترسەکەی پۆلەکەمان خێرا لەچکەکەی خۆی کردەوەو هەڵیدایە سەر شانە ڕووتەکانی نەسرینی کاتب، هەموو ئەو قوتابیانەی سەرپۆشیان لەسەر بوو وەک قوتابیە هاوپۆلەکەی من کردیانەوەو بۆ نەسرینیان هەڵدا، دەیان سەرپۆش کەوتبوونە سەر ئەو کچە مەمک ڕووتە، ست سەمیرە ڕووی لە ئەلیناکرد و گوتی " ئەو ڕووداره خۆی شێت کردووە بۆ ئەوەی تاوانەکە لەسەر خۆی لابەرێ، تۆ چ دەردێکتە" بە هێزێک کە لە فڕینی کۆترەکان و هاواری قوتابیەکانەوە بۆلام دەهات، بە سیحرێک لەو پەڵە خوێنەوە دەهاتە ناو دەستم، بەنەفرەتێک لە دەستی ئەلیناوە بۆ لام دەهات توند تەکانێکمداو خۆم لەدەستەکانی دەربازکرد.

کەوتمە سەر سنگی ست نەسرین و ئەویش نائاگا پاڵێکی توندی پێوەنام و مەمکەکانی دەرکەوتنەوە، چەندان دەست منیان لەسەر سنگی ڕاستدەکردەوە، من بە دەنگێک کە کۆتر و پەڕەسێلکەکانی یەکەیەک بەردانەوە، هاوارمکرد" کەواتە من دەبینن، کەواتە من دەبینن" کەس گوێی لەمن نەبوو، دادە بەدیعە هاتبۆوە هۆش خۆی و چاویلکەکەیان دەکردەوە چاوی، دەستی بۆ من درێژ دەکرد تامن دەستی بگرم و ڕاستیکەمەوە، ست سەمیرە چاکەتەکەی خۆی لـەبـەر نەسرینی کاتب کردبوو، کـەس بۆ ئەلینا نەدەگەڕا، کەس ناوی نەدەهێنا، هەر وەک نەبووبێ، تەنها من دەمزانی ئێستا لەبەردەممان هاوار دەکات و داوای دەفتەرو نامەکان دەکاتەوە، دەڵێ بۆ نامبینن، لەو ڕۆژەوەی ئەلینا ون بووە پۆلیس نەهاتۆتەوە قوتابخانەکەمان، کەس باسی ئەو مامۆستا خۆشەویست و سـەر بەگێچەڵەی ئینگلیزی نـەکـردەوە، کـەس بۆ دەرمانیش ناوی مامۆستای وەرزشی بە دەمدا نەهات، ئەلینایەک هەرگیز نەبووە، لەو ڕۆژەوە بوو بە عادەت وانەی وەرزش بەسەر وانەکانی دیکەدا دابەشکرێ و کەس باسی ئەو وانەیەش نەکات، تەنها من لە هەموو ئەو کاتانەی وەرزشمان هەیە لەباتی وانەیەکی دیکە دەخوێنین هەست بەبوونی ئەلینا دەکەم، دەبینم دەفتەرە شینە کاڵەکەی بە دەستەوەیەو لەسەر کورسییە تەختەکەی ژێر دارهەنارە ئاڵتونییەکەی ئـەوسـەری بـاخـچـە دانیـشـتووە بـۆ کەسێکی دەخوێنێتەوە، کە دەچم بۆ لایان تەنها هەورێک لە تۆزی تەباشیری ڕەنگاو ڕەنگ دەبینم، هەناسەم توند دەبێت و خەریکە بخنکێم، زۆر هێواش دەڵێم" ئەلینا چ دەردێکە، چ دەردێکی قورس.